# زمانی چاو

سالّح بێچار – سلێمانی
becharsalih@yahoo.com

هۆ.. ئەو شۆخەی بۆ جارێکیش ناتەوێ لێو بجووڵێنی
کەچی تەنیا بەسەرنجێک هەموو شتێک دەدرکێنی

***

خونچەی لێوت نەکرایەوەو وشەیەکم لێنەبیستی
بەئاشکراش لە چاوانتا شەپۆل دەدا خۆشەویستی

***

بیدەنگیی تۆ.. ئاگریش بێت من لە ناویا دەمێنمەوە
گەرچی لەوەش بێدەنگتربیت من چاوانت دەخوێنمەوە

***

پڕ لە واتان چاوانی تۆ دوو نێرگزی خاکەلێوەن
بۆ بەهاری دنیای عەشقم دوو مژدانەن وا بەڕێوەن

***

چاوەکانت جۆرێ باسی ڕازی دڵتیان بۆم کردووە
هەتا ئێستا هیچ زمانێک پەی بەو رازە نەبردووە

***

لێوەکانت چەند بێدەنگبن نەیانەوێ هیچ دەربڕن
نیگاکانت زمانێکن زۆر لە لێوت ڕاستگۆترن !